

سودانی شاندێکی ئەمنی و خزمەتگوزاری ڕادەسپێرێت بۆ ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەی حاجیان لە ڕێگەی وشکانییەوە لە سعودیەوە

ئەمڕۆ دووشەممە نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی عەراق ڕایگەیاند، تیمی حکومەت دەستیانکردووە بە گواستنەوەی حاجیانی عەراقی و ئێرانی لە ڕێگەی وشکانییەوە لە ڕێگەی دەروازەی سنووری عەرعەرەوە بۆ ناو عەراق.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە "لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شەیاع سودانی، تیمێک بە سەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ و ئەندامەتی دەستەی حەج و عومرە، و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی و سرۆکی دەستەی دەروازە سنوورییەکان، دەستیان کرد بە گواستنەوەی حاجیانی عەراقی و ئێرانی لە ڕێگەی وشکانییەوە لە سعودیەوە لە ڕێگەی دەروازەی سنووری عەرعەرەوە بۆ عەراق،

وتیشی تیمەکە سەرپەرشتی کردنی گەیاندنی حاجیانی ئێرانی بۆ دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران لەئەستۆگرت.